## ئەو ساتانەی ناسڕێنەوە

# (سەد و یەک ڕۆژ پەناگیری)

ڕۆژانێکی هەرە ناشیرین و ڕووڕەش لەمێژووی گەلەکەماندا، ئەو ڕۆژانەن کورد دەست دەنێتە ملی کورد بەقەستی لەناوبردن، بەوەش مێژووی دوور و درێژمان ڕەش دەچێتەوە بەو ڕووڕەشییە. بەش بەحاڵی خۆم بێزم لەخۆم دەبێتەوە گەر بمەوێ بیرم کەوێتەوە.

بەداخەوە ڕاپەڕین کۆمەڵێ لاپەڕەی پێشووی هەڵدایەوە کە ئێمە بە لاپەڕە ڕۆشنەکانمان دەبینی، ئەو درمەی لە ڕۆژانی با ناوی بنێین شاخ، ئیدی خوا دەکات نەك لە شاخ -چۆڵی قوڵفەش دەبوو، کە پڕی بوو بە دوژمنایەتی یەکدی و لەسەر چی؟! دیارە هەتا فیشەکە چروکێکیان بە دوژمنەوە ناوە، هەزارەها فیشەکی گڕداریان بە سینە و کەللەی یەکدییەوە ناوە...

بڕواو نەیەتەوە، بە ڕاستی وێنە ڕوون و ڕەوانە ئاوێنە بێگەردئاسایان، لێکردین بە جەرەتاو.. جاڕی شەڕ دراو فتوای (قەتڵ و عام) و ڕەشبگیری درا و تەپڵ و دەهۆڵی جەنگ و ئاشووب گوێی ئاسمانی کەڕ کرد.

ئەوە بوو پەرلەمانی کوردستان هەر زوو هەستی بە مەترسیی ئەم شەڕی (خۆترێنییە)کرد.

ڕۆژی (١٩٩٤/٢/٢٢) بۆ زەنگلێدانی ئەم نالەبارییە کۆبوویەوە، لە ڕۆژی (١٩٩٤/٢/٢٣)یشدا (٥٩) ئەندامی پەرلەمان لە فراکسیۆنی زەرد و کەسك و مۆر(پەناگیری-الاعتصام)یان ڕاگەیاند، منیش دووەم ناوی ئەم لیستە بووم.

لەتەلاری پەرلەمان هۆڵێکی گەورە تەرخانکرا بۆ دانیشتنی پەرلەمانتارە پەناگیرەکان و هەمان ناوی هۆڵی پەناگیریان لێنا، ڕۆژانە کۆبوونەوە دەکرا و بڕیاری پێکهێنانی لیژنەیەکی سەرپەرشتی کرا، بە سەرۆکایەتی بەڕێز(شێخ عەدنان نەقشبەندی)و منیش یەکێك بووم لە ئەندامەکانی ئەو لیژنەیە، بە ڕاستی ئەو ماوەی (١٠١) ڕۆژە نە خەومان هەبوو، نە ئارامی. نامەوێ زۆری لەسەر بڕۆم، چونکە هەڵدانەوەی قەتماغەی برینە ساڕێژ نەکراوەکانە، ئەوە بوو لەلایەکەوە ماڵ و منداڵ پەرەوازە بوون و دەستی تاڵانچییەکان لە ماڵەکانماندا دزییەکیان دەکرد، ئەوانەی کلی چاوانیان دەدزیک لەچاو ئەوانەدا دز نەبوون. من بەش بەحاڵی خۆم ئەوەی زیاتر پێوەی خەمبار بووم ئەو کتێبخانەیەم بوو کە دەیان دەستنووسی دانسقە و دەگمەنی تیادا بوو، بەهەرحاڵ ئاکام زانیم پتر لە هەزار بابەتیان تاڵان کردبوو، لەگەڵ گەلێك کاسێتی دەنگ کە یەکێك لەو کاسێتانە دیمانەیەك بوو لەگەڵ ڕابەری شانۆی عێراقی و دۆستی ئازیزی کورد مامۆستا (حەقی شبلی) کە خۆشەویستم بوو، ساڵانە چ لە بەغداد و چ لە سلێمانی بە خزمەتی دەگەیشتم، ریکۆردێکی (پاناسۆنیکی) زۆر چاکی گچکەم هەبوو، دیمانەکانم پێ تۆمار کردبوو، پڕ لە بەسەرهاتی خۆش و سەرجەم سەردانەکان بوو بۆ سلێمانی لەسەرەتای بیستەکانی سەدەی پێشووەوە و هەروەها یادکردنەوەی میری شاعیرانی عەرەب(ئەحمەد شەوقی) و سەربوردەی کوردبوونی و خۆزگەکانی بۆ سەردانی سلێمانی کە وتبووی شاری



# ئەحمەد سالار

**تایبەت بە گوڵان دەینووسێت**

باو و باپیرانمە.

جگە لەوەی یادگارەکانی لەگەڵ ئەو هونەرمەندە عەرەبانەی کە کاری لەگەڵدا کردبوون و دەیان کوردی وەك (رەشۆڵ) و کەسانی دیکە و بەسەرهاتی رەشەباکانی سلێمانی، لەپاڵ ئەمانەشدا بەسەرکردنەوەی مێژووی شانۆی عێراقی، ئەو دیمانەیە بایەخێکی گەورەی هەبوو، بەر لەهەمووان بەدەنگی خودی (شبلی) و پاشان وەگ گەواهێکی زیندوو لەسەر شانۆی عێراقی و باری گەلی کورد.

حەز دەکەم لێرەدا ئەوە بێنمەوە یاد لەدواسەردانەکانیدا بوو، حەزی کرد سەردانی لای هەورامان و شارەزوور بکات، ئێمەش بە بەشداری خوالێخۆشبوو کاکە جەلال عەزیز و ئەنوەر قەرەداغی و کاوە ئەحمەد میرزا سەیرانێکمان رێکخست، کاتی سۆراغی شوێنەکانی کرد، پێمان وت: سەراپایان لەلایەن رژێمەوە خاپوور کراون، خەڵکەکەشی یان جینۆساید کراون، یان راگوێزراون، یان...

ئەوسا چاویلکە تۆخەکەی داگرت و دایە پرمەی گریانێ ئەو پیاوە رابەرە، هەر دەتگوت ساوایەکە و لە بەرۆکی دایکی کراوەتەوە.

بەهەر حاڵ رەنگە ئەو کاسێتە گرانبەهایانە، یان فرێدراون، یان چ بالۆرەیەکی ناسازیان لەسەر تۆمارکراوە. بەهەرحاڵ من چیم هەیە لەماڵی دونیا جگە لە خۆشەویستیی کورد و کتێب و شانۆ؟ بۆیە هێندە پیشم خواردەوە تا دەردی گران کردم و ئازاری بەو دڵە پڕ جۆش و خرۆشەم گەیاند، ناهەقم نەبوو، چونکە من خۆم قەدری ئەو شتانەم دەزانی، لەناو دەستنووسەکەندا (مەسنەوییەکی مەولانا نورەدین جامی) تێدا بوو، کە مەولانا لە (٢٥ ەز) لە (هورات) کۆچی کردووە و بە جوانترین دەستخەت نووسرابوو، پاشان بە مۆم داپۆشرابوو، جارێکیان کڕیارێکی ئێرانی (١٠٠٠٠٠)سەد هەزار دیناری سویسری پێدام، نەمدا، کە ئەو بڕی پارەیە خانوویەکی چاکی پێ دەکڕا. حەز دەکەم ئەوەش بۆ مێژوو بگێڕمەوە پاش چەند رۆژێك خزمانی (هەمەوەند)م لە (مەلا هۆمەر)ەوە نێردراوێکیان ناردە لام پێی راگەیاندم کە بارەکە خراپ دەکەوێتەوە و رێگا بدە، یان منداڵەکانت دەبەینە لای خۆمان، یان چەند کەسێکمان پاسەوانی ماڵ و منداڵت دەکەین، لەو بڕوایەدا نەبووم ئەوەی روویدا، رووبدات، بۆیە لەگەڵ سوپاس ناردمنەوە، دەشمزانی ئەو خزمانەم هی ئەوەن سەریان پێبسپێری و ئازاشن و دەتوانن بەرەنگاری سوپایەکی گەورە ببنەوە، بەڵام من لەگەڵ خوێن و کوشتاردا نەبووم، لەسەر ئەو خزمانەم شتێکم وەبیر دەهاتەوە، باوکی خوالێخۆشبووم بیستبووی لەسەردەمی باپیرە گەورەمدا لەسەر زەوی و زار کێشەیەك لەنێوان ئێمە و هۆزێکی دیدا روودەدات، خوالێخۆشبوو (حەمە زەرد) کە سەرهۆزی (هەمەوند) بوو، (سێتەبەسەر) بوو، جگە لەوەش لەگەڵماندا بەرەبابێك بوو، بەخۆی و دە سواری هەمەوند دەگاتە جێ، دەڵێن: کاکە حەمە ئەوانە لەشکرێکی بەتوانا و بێشوماریان هەیە، تۆش بە دە سوار هاتوویت، وەرامی داوونەوە: بەو دە سوارەوە دەتوانم نەك لەوانە بگرە زریکە و زاق لە سوڵتانی عوسمانلییەوە هەڵبێنم.

بەهەر حاڵ پاش ماوەی سەدویەك رۆژ کە مەترسی تەواوەتی گەیشتە سەر گیانمان، بە فەرمانی سەرۆك بارزانی و بە چاودێری چەند لایەك گواستیانینەوە بۆ پیرمام.

بۆ خوا دەڵێم ئەو ماوەیە هەر هەموو خوشك و برا بووین و پەتای دەرەوە نەگەیشتە ناو پەرلەمان.

**خەمبار بووم ئەو کتێبخانەیەم بوو کە دەیان دەستنووسی دانسقە و دەگمەنی تیادا بوو، بەهەرحاڵ ئاگام زانیم پتر لە هەزار بابەتیان تاڵان کردبوو، لەگەڵ گەلێک کاسێتی دەنگ کە یەکێک لەو کاسێتانە دیمانەیەک بوو لەگەڵ رابەری شانۆی عێراقی و دۆستی ئازیزی کورد مامۆستا (حەقی شبلی) کە خۆشەویستم بوو**



# لە نێو ماڵیش واز لە ئیشواریا ناهێنن

زۆر جار ناوبانگ و جوانی گرفت و سەرئێشە بۆ هونەرمەندان و کەسانی ناسراو دروست دەکات، چونکە ڕۆژنامەنووسان بەتایبەتی بە دوای بچووکترین شت دا دەگەڕێن دەربارەی ژیانی تایبەتییان بۆ ئەوەی وەک هەواڵ یان وێنە بڵاوی بکەنەوە و خوێنەری بینەریان پێ زیاد بکەن بێ ئەوەی گوێ بە ژیانی و تایبەتمەندییەکانی ئەو هونەرمەندانە بدەن. ئیشواریا رای کە بەوە ناسراوە لەو گرفتانە دوورە، چاوەڕێی ئەوەی نەدەکرد کە ڕۆژنامەنووسان تا شوێنی حەوانەی بەدوایدا بێن بۆ ئەوەی چەند وێنەیەکی بگرن و بڵاوی بکەنەوە، بەڵام وێنەگرەکان بەتایبەتی وێنەگرانی ماڵپەڕی (filmi beat ) چەند وێنەیەکی ئیشوارییایان بڵاو کردەوە کە نیشانەکانی سەرسوڕمان بەسەر دەموچاویەوە بە ئاشکرا دیار بوو، چونکە پێشبینی ئەوەی نەدەکرد وێنەگرەکان تا ئەو شوێنە بەدوایدا بگەڕێن و ئەو ژمارە زۆرەی کامیرایان هێنا بێت. ئیشواریا لە پێش دەرگای ئەو باڵاخانەی شوققەی دایکی لێیە کە دەکەوێتە نهۆمی ١٢ یەمی ئەم باڵاخانەیە بە تیشێرتێکی سپی درێژ و پانتۆڵێکی جێنز پێڵاوێکی سور و چاویلکەیەک دەرکەوت، ئەگەرچی تووشی سەرسوڕمان بوو، بەڵام کاردانەوەی توندی بەرامبەر ڕۆژنامەنووس و کامیرامانەکان نەبوو، لەلایەکی دیکەوە ئیشواریا خۆی ئامادە دەکات بۆ دوایین فیلمی سینەمایی خۆی کە بە ناوی (ڤینی خان)ە و بڕیار وایە بەم نزیکانە دەست بە کاری وێنەگرتنی بکرێت.

# جۆن تراڤۆڵتا بە دەستدرێژی تۆمەتبار دەکرێت



ماوەیەکە بەشێک لە ئەستێرە ناسراوەکانی هۆڵیوود بە تۆمەتی دەستدرێژی و بەشێوازی جیاجیا تۆمەتبار دەکرێن، پێش ماوەیەک جۆرج کلۆنی ئەستێرەی ناسراوی جیهانی تۆمەتبار کرا، ئێستاش تۆمەتەکان گەیشتوونەتە ئەستێرەیەکی دیکەی هۆڵیوود کە بە بێدەنگی و دوور بوونی لە کێشە و گرفت ناسراوە ئەویش جۆن تراڤۆڵتایە.

تۆمەتەکەی تراڤۆڵتا تا رادەیەک جیاواز و سەیرە، چونکە قوربانییەکەی پیاوە و پسپۆڕی مەساجە و تۆمەتەکەش بۆ بەر لە ١٧ ساڵ دەگەڕێتەوە، بەپێی هەواڵەکان ئەم پسپۆڕەی مەساج سکاڵایەکی پێشکەش بە پۆلیس کردووە و تێیدا جۆن تراڤۆڵتا بە هەوڵدان بۆ دەستدرێژی سێکسی تۆمەتبار دەکات دوای ئەوەی ساڵی ٢٠٠٠ لە هۆتێلی (LaQuinta) کە دەکەوێتە ویلایەتی کالیفۆرنیا و ئاماژەی بەوە کردووە کە ئەو کات تەمەنی تەنیا ٢١ ساڵ بوو کە تراڤۆڵتا هەوڵیدا بە چەند قسەیەک رازیی بکات دواتریش داوای لێیکرد لەگەڵ بچێتە ژووری ساونا و خۆی لەبەردەمی رووت بکاتەوە.

پسپۆڕەکە هەروەها دەڵێ: دوای ئەوەی تراڤۆڵتا خۆی رووت کردەوە لێم نزیک بوو و لێی پرسیم کە ئایا هیچ پەیوەندیم لەگەڵ هیچ پیاوێکی دیکە هەیە و دەستی لە جەستەم دا هەروەها چەند قسەی نابەجێشی لەگەڵدا کردم، بۆیە هەر ئەو کات پۆلیسی لەو رووداوە ئاگادار کردەوە، بەڵام جۆناسان جی کرین پارێزەری تایبەتی تراڤۆڵتا داوای لێکرد کە پێویستە هۆتێلەکە جێ بهێڵێت، هەروەها داوای لە بەڕێوەبەرایەتی هۆتێلەکە کرد کە پێویستە واز لە داواکەیان بهێنن توانیی پۆلیسیش رازی بکات کە دەست بە لێکۆڵینەوە نەکەن، چونکە تەنیا لێک تێنەگەیشتنێک روویداوە و هیچی تر.

# جنیفەر لۆرانس بیر لە وازهێنان دەکاتەوە



خانمە ئەکتەری ناسراوی هۆڵیوود جنیڤەر لۆرانس رایگەیاند سەرەڕای ئەو ناوبانگەی کە هەیەتی و لەلایەنی جەماوەرییەوە ناسراوە، بەڵام لە دڵەوە خەون بە ژیانێکی هێمن و دوور لە ناوبانگ و قەرەباڵغی شارەوە دەبینێت.

لۆرانسی تەمەن ٢٧ ساڵ کە بەشێکی زۆری تەمەنی لە نێو کاری هونەریدا بەسەر بردووە و یەکێکە لە ئەکتەرە سەرکەوتووەکان لە چەند ساڵی رابردوودا لە دیمانەیەکی لەگەڵ گۆڤاری (Vanity Fair) رایگەیاند: ژیانێکی سادە کە تێیدا خاوەن کێڵگەیەکی بەخێوکردنی مەڕ و ماڵات و ئەنجامدانی کاری کشتوکاڵی یەکێکە لە خەونەکانی و لەم رووەوە ئامادەم واز لە نواندن و ئەکتەریش بهێنم ئەگەرچی حەز لە کاری هونەریش دەکەم.

لەلایەکی دیکەوە لۆرانس بێدەنگی شکاند سەبارەت بە بڵاوبوونەوەی چەند وێنەیەکی رووتی لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ئیدانەی ئەو کەسانەی کرد کە بەدوای ئەو وێنانەدا دەگەڕێن و وتی: پێویستە ئەو کەسانەی کە ئەو وێنانەیان بینیوە هەست بە شەرمەزاری بکەن، چونکە تاوانێکی سێکسی ئەنجام دەدەن ئەمەش تاوانێکە و پێویستە سزا بدرێن.

شایەنی باسە لۆرانس بەوە ناسراوە ساڵانە یەکێکە لەو ئەکتەرانەی کە لە دوو فیلم یان زیاتر بەشداری دەکات و فیلمەکانیشی لە هەموو روویەکەوە سەرکەوتوون و جەماوەرێکی زۆریان هەیە لەسەر ئاستی جیهان.





# ڕەنگ، شارەگ



هێڵ و ڕەنگ، دوو ڕەگەزی هەرە بنچینەیین لە هونەری شێوەکاریدا. گرنگیی ئەو دوو ڕەگەزەش لە هونەری نیگاردا زیاتر خۆ دەنوێنێ. ئەمەش لە بەهای کاریگەریی ئەوان لە چەشنەکانی دیکەی شێوەکاری (پەیکەر، سیرامیك، گۆزەگەری، گرافیك، دیواربەند، ئەنستلیوشن) کەم ناکاتەوە.

هێڵ سنووری فیگەر و شێوە (فۆرم) دیاری دەکات، ڕەنگ سیما و ڕواڵەتی پێ دەدات. ڕەنگ ئەگەرچی وەك ڕاستییەکی فیزیك خۆی دەنوێنێ، بەڵام هێندە وابەستەی بوون و دەرکەوتنی شتانە، ناکرێ مرۆڤ وێنای شتێك بکات دوور لە ڕەنگەکەی. بەم جۆرە ڕەنگ بەشێکە لە بوونی هەر شتێك، لێی جیا نابێتەوە.

لە هونەری شێوەکاریدا، دە جۆرە ڕەنگمان هەیە:



یەك: ڕەنگی فریسکۆ: فریسکۆ بە زمانی ئیتالی واتە (تازە). کاتی خۆی لە سەر گەچی تەڕ بەر لەوەی وشك بێتەوە، بە ڕەنگی مەیلە ئاوڕەنگ نیگار کێشراوە. ڕەنگی فریسکۆ کاڵە، چونکە گەچەکە تەڕە، ڕەنگەکە هەڵدەمژێ.



دوو: ڕەنگی تیمپرا: ئۆکسیدی سروشت تێکەڵ بە تێکەڵەی ئۆرگانی (گازۆلین و هێلکە و شتی دی) دەکرێت. بەر لەوەی سەدەی پازدەم ڕۆن ڕەنگ بدۆزرێتەوە، نیگار بە ڕەنگی تیمپرا لە سەر دیوار دورست دەکرا.

ئەم ڕەنگە، ئەگەر باران و خۆر و بای لێ نەدات، ڕوون و پاك و بریقەدار دەمێنێتەوە.

سێ: ڕۆن ڕەنگ: ڕەنگێکی زۆر باوە، خەستە و بە (نەوت، بانزین، ترپەنتین) شل دەکرێتەوە. لە نیگارکێشاندا نەرم و شل دێتە دەست.

چوار: ئاوڕەنگ: بە ئاو دەتوێندرێتەوە، بەکار هێنانی ئاسانە.

پێنج: ئەکریلیك: لە ڕووی خەسڵەت و تەکنیکی بەکار هێناندا بە ڕۆن ڕەنگ دەچێت، بەڵام بە ئاو شل دەکرێتەوە، زووش وشك دەبێتەوە.

شەش: دۆن ڕەنگ (پاستیل): گەچ ڕەنگە، ئاردی ئاکاسیا تێکەڵ بە چەوری و تەباشیر دەکرێت، لە شێوەی پێنووس دروست دەکرێت.

حەوت: قەڵەم ڕەنگ: بە ئاسانی بەکار دێت، لە هەمان کەرەستەی پاستیل دروست دەکرێت، بەڵام ڕەقترە.

هەشت: مەرەکەب ڕەنگ: مەرەکەبی ڕەشی چینی و ڕەنگاوڕەنگیش هەیە، لە هونەری خۆشنووسی و نەخشە و هێڵکاری و دیزانە ئەندازە، بەکار دێت.

نۆ: دیوار ڕەنگ: بریتییە لە (وارنیش، پەنتەلایت و پلاستیك بۆیاغ)، بۆ دیواری تەلار و خانوو، هەروەها دیکۆر و دیزاینی دەر و ناوی کۆشك و تەلار بەکار دێن.

دە: شووشە ڕەنگ: تۆز (ئارد)ێکی وردە، لە ئۆکسیدی کانزا ئامادە دەکرێت. دوای دروست کردنی گۆزە و سیرامیك، ئەو تۆزی شووشە ڕەنگە دەگیرێتەوە و لە گۆزە و سیرامیك دەدرێت، پاشان دەخرێتە نێو کوورەی ئاگرەوە تا ڕەنگ بگرێت.

ڕەنگ لە ڕووی دەروونەوە کار لە مرۆڤ دەکات. دەکرێ چالاکت بکات، ئارامی و ئۆقرەییت پێ ببەخشێت، یان گەرم و گوڕت بکات، یان بتورووژێنێت.

بایەخ دان بە ڕەنگ کارێکی دروستە، هەر کەسێك لە ماڵ یان لە شوێنی کار و ژیانی، حەز بە ڕەنگ و ڕێك خستنی بکات، دیارە کەسێکی چاك و ڕۆشنبیر



تاریق کارێزی

# ـــــــەزی شێوەکاری

و پاك و پوختە. لە خوێندنەوەی جۆری بەکار هێنانی ڕەنگدا، تۆ دەروونی ئەو کەسەت بۆ دەردەکەوێت و تێدەگەی تا چ ئەندازەیەك کەسێکی خاوەن هەست و زەوقی بەرزە. هەموو کەسێك ڕەنگی هەڵبژاردەی خۆی هەیە. هەیە لە ڕووی ڕوانینی بۆ ڕەنگ کرج و کاڵە، هەشە لە ئاستێکی بەرزی خوێندنەوەی بەها و واتاکەی، هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕەنگدا دەکات. هەر مرۆڤێك کۆمەڵێك ڕەنگ پەسند دەکات و حەزیشی بە هەندێك ڕەنگی دی نییە. هەڵبژاردن و پەسند کردنی ڕەنگ، پەیوەستە بە کۆمەڵێك فاکتەری (فیزیۆلۆژی، دەروونی، کۆمەڵایەتی، ئایینی، هێمایی، زەوق و سەلیقە)وە.

بە گوێرەی کاریگەریی فیزیۆلۆژیانەی ڕەنگ بە سەر مرۆڤەوە، دەبینی هەر ڕەنگە بە لای مرۆڤەوە واتایەکی دەروونیی هەیە. ڕەنگ هەیە شادە، ئارام بەخشە، وروژێنەرە، خەمگینە، ڕەشبینە، ئازاربەخشە، ناڕەحەتی هێنە. هتد. داب و نەریت، بیر و بۆچوون، لە ڕووی هەڵبژاردن و پەسند کردنی ڕەنگەوە کاریگەرییان هەیە. ڕەش لە لای هەموو گەلان نیشانەی ماتەم نییە، سپیش بە لای هەموو گەلانەوە نیشانەی شادی و خۆشی و بێگەردی نییە. ژینگە و شوێنیش ڕۆڵی هەیە لە دیاری کردنی ڕەنگی پەسند بە لای خەڵکەکەوە.

هەر شارستانیەت و کولتوورێك بە جۆرێك لە واتا و بەهای ڕەنگی ڕوانیوە. دەگوترێ ڕەنگ لە نیگاری ئایینی لە لای بیزانسەکان بەم شێوەیە لێکدانەوەی بۆ کراوە: ڕەنگی شین بۆ پۆشاکی پاکیزە نیشانەی پاکی و بێگەردی بووە، ڕەنگی سوور گوزارشت بووە لە سۆزی مرۆیی و دنیاخوازی، سەوز نیشانەی فەڕ و پیت و دایکایەتی بووە، ڕەنگی زێڕین کە کراوەتە پاشینە (باگراوند)ی تابلۆ، نیشانە بووە بۆ پیرۆزی و بەرزی و شکۆ.

لە نێو یەك ژینگەی شارستانی و جوگرافیدا، لە ڕووی ڕوانین بۆ ڕەنگەوە جیاوازی لە نێوان کەسێکەوە بۆ کەسێکی دی دەبینین. ڕەنگ ڕواڵەتێکی واقیعیانەی هەیە، پەیوەستە بە میراتی کولتووریی تاکە کەسەوە، بە کۆمەڵێك ئەفسانە و بەهای شارستانییەوە وابەستەیە، کە بە گشتی کولتووری گەل بەرجەستە دەکەن، سەرەنجام دەبێتە هەڵگری بەهای جوان و ستاتیکی.

ڕەنگ ڕەهەند و ڕواڵەتێکە لە هەبوونی شتی بەر چاوی ئێمە. کاریگەرییەکی فیزیۆلۆژی (سروشتی)یە، لە ڕێی چاو (دیدە)وە مرۆڤ پەی پێ دەبات. هیچ شتێکی نێو ژیانی ئێمە لە ڕەنگ بەدەر نییە. ڕەنگ تا ئەو ئەندازەیە تێکەڵ بە هەبوونی شتانە، زۆر جار شت بە سایەی ڕەنگەکەیەوە ناو دەندرێت یان دەناسرێتەوە. مرۆڤ هەردەم ڕەنگی تێکەڵ بە بەهای ژیان، سەلیقە و حەزی جوانخوازانەی خۆی کردووە.

لە هونەری شێوەکاریدا ڕەنگ ئەلف و بێی گۆکردنە. هێڵ و ڕەنگ کە دوو توخمی هەرە سەرەکیی هونەری شێوەکارین، هەردووکیان وابەستە بە یەکدین. هونەرمەندی شێوەکار بە زمانی ڕەنگ ئاشنایە. بەر لەوەی ڕەنگ بەکار بهێنین، پێویستە بە زمانەکەی ئاشنا بین. ئەگەر هونەرمەندی شێوەکار لە زمانی ڕەنگ و بەکار هێنانیدا کارامە بوو، تابلۆ بۆ بینەری دێتە زمان.







